# مانگی هەنگوینی نەتەوەکەم

## فوئاد  سدیق

هاتن ...هاتن

میللەتێ  لە  خاکێکی بێ ئاڵاو بێ وڵاتن

بە پێی پەتی

بەناو دڕکا... بەسەر لاشەی خۆیاندا

بە بزنە ڕێیاندا هاتن

میللەتێکن... لەناو گڕا

تینووی خەباتن

*     *     *

ئەم خاکە لە چی دەچێ؟!

درەختەکانی قژی خۆیان ڕنیوە!

تاوێرەکانی دەنگی میللەتێکیان دزیوە

دەڵێن !

لەم خاکەدا

مرۆ...ئادەمیزادێکی بێ سەرە

مێژوو...کیژۆڵەیەکی چواردە ساڵە

خوێنی مەییوی کچێنی دڵۆپ دڵۆپ لەبەرە

چیا...بێگەڕووە

ویژدان ...عەیامێکە خەوتووە

ئاخ!!مەرگیش سەرچۆپی گرتووە!!

*     *     *

ئەم وەرزە چ وەرزێکە ؟!

لە کوردستانی فرە ڕووبارمدا

بۆ قومێ ئاو

ئاوێزانی مەرگ دەبمەوە

*     *     *

ئەم وەرزە چ وەرزێکە ؟!
مانگ و ئەستێرەکانیشمان لێ ونن
هەور پەڵە هەوری رەشی ئاوسە
لووتی چڵکنیمان لێ دەژەنن
*        *        *
ئەم وەرزە چ وەرزێکە؟!
دەریا زگی سووتێنراوە
رووبار مەمکی هەڵواسراوە
ئێمە خۆشمان
بە دوای شەپۆلی قژ سووتاو کەوتووین
لە نێو دەریایەکی گڕ تێبەربووودا خەوتووین!!

ئایاری 1991